پەروەردەو... پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون

بەشی شەشەم

کارەساتەکانی جەنگی (ڤێتنام) و ئەو هەموو کاولکارییە رۆحی و مادییەی کە بەدوای خۆیەوە هێنای، بووە مایەی دروستکردنی ئاو و هەوایەکی ئەوتۆ کە کچ و کوڕەکان پتر تووڕەو غەمگین بکات، چونکە سووتەمەنی ئەو جەنگە لە ئەمریکاو جەنگی دووەمی جیهانی کە هەر هەموو ئەوروپاو زۆربەی وڵاتانی دونیای گرتەوە خودی گەنجەکان خۆیان بوون، نەدەکرا هەتا هەتایە گەنجەکان خامۆش بن و مێگەل ئاسا رووەو کوشتارگەکان رەوانە بکرێن، هەر لەو سەروبەندەدا بوو کە شۆڕشی قوتابیان جێنەخشی خۆی دانا، لەدەیەی شەستەکان بەدواوە رۆح و کلتووری گەنجانە بەسەر کۆی پانتایی و جومگە کۆمەڵایەتییەکاندا فەلسەفەی خۆی بڵاودەکردەوە، جیهانێك بوو کە داوای مۆدێلێك لەپەروەردەی یەکسان و پێشکەوتووخوازی دەکرد، کاریگەری ئەو هەموو فاکتەرە رامیاری و کۆمەلایەتی و سەربازی و ئابوورییە بووە مایەی جۆرێك لە کارکردەو خوڵقاندنی فەلسەفەیەکی تازەی پەروەردە کەرووی لەگەڕان و تازەگەری و پشکنین و لێکۆڵینەوەو پرسیارو گومانکردن بوو، کە لەلای ئێمە تا هەنووکە فەراهەم نەبووە، لێرەداو هەنووکە هێشتا قۆناغی حوجرەو پەیوەندی مەلاو فەقێمان بەجێنەهێشتووە هەتا لەسەر ئاستی خوێندنی باڵاش، چەند مامۆستایەکی دڵئازاو ئایندەخوازی لێدەربچێت، کە ئەوانیش وەك کەسانێکی لەرێ لادەرو ئاژاوەگێڕ چاویان لێدەکرێت، کۆی فەلسەفەو هەوڵی پەروەردەو فێرکردن لە پێناو بەکۆمەڵایەتبوونی مرۆڤە کە پڕۆسەیەکە هەموو تەمەن دەخوازێت، نەك لە خۆنامۆبوون و لەدونیا نامۆکردن، مەرجە قوتابخانەکان مەڵبەندی جۆرێك لە دیسپلینکردنی کۆمەڵایەتی بن، نەك بەمانای لەقاڵبدان و زەبت و رەبتی سەربازی، بەڵکو کانگای بەخشینی هەموو هێزو توانایەکی فیکری و زانستی و مادییە بۆ دروستکردنی پردی توندوتۆڵ و دەیەها تۆڕ و رایەڵی بەیەکەوە ژیان، قوتابخانەکان شوێنی جیاکردنەوەی مرۆڤەکان نییە لەیەکدی لەسەر هەر بنەماو پێوانەیەکی دەستکرد و خۆکردو خۆڕسك بێت، هەموو جۆرە خانەبەندییەك دژ بە مۆڕاڵی یەکسانیخوازی پەروەردە دەوەستێتەوە، نموونەی (هەژار، دەوڵەمەند، مێ× نێر، رەش× سپی، بڕوادار× بێبڕوا، تەمبەڵ× زیرەك، جوان× ناشیرین، .....هتد) قوتابخانەکان تاکە شوێنێکن بۆ کوشتنی ئەو جیاوازییانەی مرۆڤەکان لەیەکدی هەڵاوێرد دەکەن، لەیەکدییان دەتۆرێنن و تەرە دەکەن، ئەو جیاوازییانە لە شکۆمەندی و بەرزە دەماغی مرۆڤ دەدەن و خەیاڵ و داهێنانەکانی کەم دەکەنەوە، کە دیارە دۆخێکی وەها ترس و شەرم و نیگەرانی دروستدەکات، تا هەنووکە لێرەو لەوێندەرێ، بەتایبەتی لە وڵاتی خۆماندا جیاوازییەکان قووڵترو گەورەتر لەجاران خۆ دەنوێنن.

وا چاوەڕوان دەکرێت کە پەروەردە وەڵام بەخۆزگەو داواو پێویستیەکانی کۆمەڵگا بداتەوە، چ لەئێستاداو چ لە داهاتوودا، کارەسات لەوەدایە کە تا ئەوڕۆکە دەرچوون و دەرنەچوون تاکە خەمی پەروەردە بێت، نەك فێرکردنی کچ و کوڕەکانمان لەسەر خۆشەویستی و ئاشتیخوازی و ژینگە پارێزی و خۆناسی و ئاشنابوون بە هەر هەموو بەها باڵاکانی مرۆڤپەروەری، لەسەر گۆڕینی هەڵس و کەوتە ناشیرینەکان و گۆڕینیان بە رەفتاری جوان و شارستانی، ئەوە چ ستانداریکە کە رێژەی دەرچوون تاکە پێوانەی گەشەکردنی پەروەردەو فێرکردن بێت و هێنانی نمرەی بەرز لەوانەکان تاکە فەلسەفە بێت کەدواجار دەرچووەکان لەسەر شێوەی داهۆڵ دروست دەکەین و تووتی و مەیموون ئاسا پەروەردەیان دەکەین، داهۆڵ ئاسا وەك ئەوەی کە بەجلوبەرگ و سیپاڵی بەریان لەمرۆڤ دەچن، بەڵام لەژێر ئەو پۆشاك و سیپاڵەدا تەختەودار پەیکەر و ئیسقاندبەندییەتی نەك رۆح و دڵ و مێشکێکی زیندوو، کاری داهۆڵەکان ترساندنی چۆلەکەو قەلەرەش و مەلە زۆر خۆرەکانە دەنێو کێڵگەو بێستانەکاندا، وەلێ حاڵی کچان و کوڕانی ئێمە لەناو قوتابخانەماندا و بگرە دوای دەرچوونیش لەخۆیان و لەهەموو دونیا چاندنی ترس و شەرم کە پتر لە حەفتا ساڵە ئەو کارگە رۆح پرۆکێن و خەیاڵ کوژو مرۆڤکوژە یەك بورغی شل نەبۆتەوەو لەچەقە چەقیش نەکەوتووە، تووتی ئاسا هەر هەموو وشەکان و رستەکان و ئیدیۆمەکان و هاوکێشەکان و زانیاری و شیعرەکان و ئایەتەکانیان پێ ئەزبەر دەکەین کە بەدەگمەن تێیاندەگەن و

لەژیانی رۆژانەو بگرە بۆ کار و بازاڕیش هیچ خێرێکی لێ نابینن، هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی لەنێوان تیۆرەو پراکتیکدا نییە، هەر برە زانیارییەك کە دەیخوێنین گەر دەنێو ژیان و تاقیگەکاندا هەر پێنج هەستەکەمان وەئاگا نەهێنێت، هەق نییە قسە لەسەر کردەی فێرکردن و پەروەردە بکەین، هیچ برە زانیارییەك دەنێو کایە جیاوازەکانی زانستە مرۆییەکان و سروشتییەکان بۆ ئەزبەر کردن نییە تووتی ئاسا، بەڵکو ئامانجی سەرەکی تێگەیشتنەو پاشان کارپێکردنە.

وەستانی قوتابیان لەبەردەمی مامۆستاکان ئەوکاتەی گەرەکە شیعرو ئایەت و هاوکێشەو برە زانیارییەکی زۆریان ئەزبەر بێت و بێ هەڵە رەوانیان کردبێت و بیڵێنەوە ترسناکترین دیمەنە کە لە هەموو ژیانمدا لەیاد ناچێت، من بۆ خۆم دەیەها جار میزم بەخۆمدا کردووەو شەوانیش هاتۆتەوە خەونم، نیو سەدە پترە کە مەکتەب لەخۆمان و لەژیان دەمانتۆرێنێت، لە کارگەکانی داهۆڵەوە بۆ کارگەکانی تووتی و زۆر جاریش دەمانکەن بە مەیموون کە دەتوانین کەمەکێ زیرەك بین و لاسایی گەورەکانمان بکەینەوە، بێئەوەی بتوانین قۆناغی بە مەیموون بوونی خۆمان تێبپەڕێنین و ببین بە مرۆڤ، ، مەیموون ئەوکاتەی کە لەناو دارستانەکاندا راو دەکرێن و زنجیریان لەمل دەکرێت و دەنێو سێرکەکاندا گەمەیان پێدەکەن: کت و مت لەو مرۆڤە مەیموونە یان مەیموونە- مرۆڤە دەچن کە لە زۆربەی ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێن بە کۆیلەو بەندەوارو گەمە بەهەموو بوون و چارەنووسی دەکرێت، بەجۆرێك مەشق بەئێمەو مەیموونەکان دەکرێن کە هیچ بەرگریمان لە خۆمان پێ نەکرێت و هەموو هێزو توانای رۆحی و فیکریمان لێ دەسەندرێتەوە کە نەتوانین بپرسین، گومان بکەین، رەخنە بگرین و شتەکان و دۆخەکان و رووداوەکان و زانیارییەکان شی بکەینەوە، بۆ من قوتابخانەکان لەنیو سەدەی رابردوودا لە گۆڕەپانی سێرکەکان دەچوون، سەیرێکی بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکە دەزانیت چەند لەو سێرکە دەچێت کە راهێنەرەکان و مەیموونەکانی کەس ناهێنێتە پێکەنین، هەر لەداخی ئەو سێرکە پڕ لە خەم و گریانەیە کە (زەکریان تامر)ی چیرۆکنووسی سوری بڕوای وایە کە لەولاتانی دونیای پێشکەوتوو هەوڵدەدەن مەیموونەکان لەبوون بەمرۆڤ نزیك ببنەوە، کەچی لەرۆژهەڵاتی ناوین مرۆڤەکان دەکرێن بە مەیموون، هەر هەمان داخە کە وا لە (رەجەب)ی پاڵەوانی رۆمانی (رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەکات هاوار بکات و خۆزگە بخوازێت کە ئەم رۆژهەڵاتە زەلکاوی پڕ لە بۆق بووایە، هەڵبەتە ئەزموونی تاڵی نووسەرەکەی (عەبدولرەحمان مونیف) لەتەك بەعس و سیاسەتی عەرەبی وادەکات ئەو هاوارو خۆزگەیە بخاتە سەر زمانی پاڵەوانەکەی.

لەتەك دەزگای خانەوادەدا، دەزگای پەروەردە لەم رۆژهەڵاتە کارگەی ملیۆنەها بوونەوەری بێ زمان و سەرو چاوو گوێیە.

گرنگترین کارکردەی پەروەردە هەر لەسەرەتاوە هەوڵێکە بۆ بەستن و راکێشانی پردێکی توندو تۆڵ لەنێو قوتابخانەو کۆمەڵگادا، سەرکەوتنمان لەو بوارەدا بەتەنیا بەوە پێکدێت کە هەریەکەیان کاریگەری و جێنەخشی خۆی لەسەر ئەوی دیکەدا دابنێت، هەڵبەتە سەبارەت بە رۆژئاوا رۆڵی کۆمەڵگا لەرێگەی دەزگا مەدەنییەکانی خۆیەوەو بگرە خودی خێزان خۆی رۆڵێکی پۆزەتیف- ئیجابی دەبینن بەسەریەکەوە، بەڵام بۆ رۆژهەڵات تا هەنووکە ئەستەم بووە، ئەویش لەیەر نەبوونی توانا فیکری و مادییەکان دەنێو خێزانەکاندا، سەرباری هەژاری و ساختە بوونی رێکخراوە مەدەنییەکان، هەرلەبەرئەوەشە کە بۆ ئێمە وا چاوەڕوان دەکرێت کە سیستمی پەروەردەو فێرکردن ئەوەندە چالاك و بەرهەمهێن بێت کە رۆڵی پێشەنگ ببینێت وەك لە رۆژئاوادا باوە، بەڵام بەهەردوو باردا، دەزگاکانی خێزان و پەروەردە، شکەستە باڵن، گرفتی سیستمی پەروەردە لای خۆمان هێشتا لە مەترسیدایە، چونکە ملکەچی هەموو فۆرم و داب و نەریتە زۆر کۆن و باوەکانی کۆمەڵگایە کە میراتێکی خراپ و بەسەرچووە لەوەدا کە ئەوەندەی عەقڵ پەکدەخات، ئەوەندە عەقڵ ناکاتەوەو چالاکی ناکات، هەرلە دیزاینی قوتابخانەوە بیگرە کە ساختمانێکی شێوە زیندانییە تا دەگات بە پەیوەندی ناڕێکی کارمەندەکانی پەروەردە لەنێوان یەکدیدا، بەتایبەتی پەیوەندی سەربازییانەی نێوان مامۆستاو قوتابی، یەکەو بڕگەکانی لقە زانستییەکان چ سروشتی بن و چ کۆمەڵایەتی ئەوەندەی لەسەر ئەزبەرکردنی

هاوكێشـەكان و تیۆرەكـان و بـڕی زۆری زانیـاری پـەتی وەسـتاوە، ئەوەنـدە لەسـەر راقـەو لێكدانـەوەو تێگەیشتن و خـەیاڵپـەروەری نەوەسـتاوەو بـڕی ئـەو زانسـت و زانیارییـە بـەژیانی مرۆڤەكانـەوە پابـەند نییـە، لێكـدابڕانێكی گـەورە لـەنێوان تیـۆرەو پراكتیكـدا هەیـە، لـەئامادەكردن و پێشكەشكردنی هـەر زانیارییەكدا دواندنی هەرهـەموو هەست و نەستـەكـانی قوتابییـەكان زۆر پێوستە، شێوەی وانـەوتنـەوە لـەسەر شێوەی (خوتبـەدان) هـیچ ئـاڵ و گـۆڕێكی فیكری و رۆحـی دروست ناكـات، شێوەو دیزاینـی پۆل و هۆڵـەكان و وەسـتانی مامۆسـتاو دانیشتنی قوتابییـەكان بـەڕیز هـەر كـت ومـت شـێوەیەكی ئـەندازەیی حوجرەكانی ناو مزگەوتی وەرگرتووە، جگە لـەوە كە قوتابییەكان لەباتی ئەوەی سیماو ئاكاری بـەردەوام گۆڕاوی سەر روخسارو جوڵەی یەكدی ببینن، پشتی سـەرو ملـی یەكدی دەبینن كـە مەحاڵـە ئـەم دۆخـەو شێوازی دانیشتنە كۆنتاكت و بەریەككەوتنی مرۆییانە بسازێنێت، مرۆڤەكان كە دەدوێن مـەرجە سـەیری ناوچـاوی یـەكـدی بكـەن، هـەموو ماناكـان وا دەنێـو چـاوو سـەر رووخسـارەكان، هەربۆیـە قوتابخانـە هاوچەرخەكان بایەخ بە پۆلی كراوەو دانیشتنی شێوە بازنـەیی دەدەن، ئـەم دیزاینـە پتر لـە دیزاینـی قاوشەكانی سەربازخانە دەچێت و پەیوەندی قوتـابی و مامۆستا پەیوەنـدی فـەقی/ مەلایـە یـان سـەرباز/ ئـەفسەرە، نموونەی مامۆستای (هەموو- شت- زان) وا دەكات رۆڵی وتاربێژ ببینێت، وتاربێژی وادەكات كچ و كوڕەكان لـەپێنج یان دە خولەكی یەكەمدا بێزار ببن و بزریش ببن.

هەمووممان كۆكین لـەسەر ئەوەی كە سیتمی پەروەردە نـەك بـەتـەنیا پێویستی بە چاكسازی بەپـەلە هەیە، بەڵكو خوازیاری ئەوەین كـە بـەرۆحێكی رادیكاڵانـەو بنـەبڕ بڕگـە بڕگـەی ئـەو سیستمە گـۆڕانی گـەوەری بەسەردا بێت، گەر لـە خـەونی ئـەوەداین ئایندەیـەكی جوانترو مرۆڤپەروەرانـە بڕەخسێنین، زانستخواز وڵاتپارێزو خەڵكپارێز بین، مەرجی یەكەم ئەوەیە كە گومانكارو پڕ لـە پرسیار بـین، دیـارە بـەر لـەئێمـە وڵاتـانی پێشكـەتووی ئاوروپـاو ئاسیاو كیشوەرەكانی دیكـە هـەمان خـەون و خولیایـان بـووەو كاریـان بـۆ كـردووە، بەتایبـەتی لـەدوای جـەنگی جیهـانی دووەمـەوەو لـەدوای ئـەو هـەموو خـوێن و فرمێسـك و كاولكارییە كە جیهانێكی خاپووری بۆ هەمووان بەجێهێشت، یەكـەمین دەزگـا لـەدوای دەزگـای خێزانـەوە كـە گومـانی لێـدەكرا بـەوەی كارگـەی بەرهـەمهێنانی ئـەو هـەموو تونـدوتیژی و شـەڕانگێزییە بێـت: دامەزراوەی پەروەردە بوو، مەرجی یەكەمی هەستانەوەو رابوون بۆ هەموو میللـەتانی دونیـا چاكسـازی و سـەرلـەنوێ بونیاتنانـەوەی دەزگـای پـەروەدە بـوو كـە لـەتـەك دەزگـای خێـزان و دەزگـا مـەدەنی و كۆمەڵایەتییەكانی دیكەدا گەورەترین كاریگەری و جێنەخشی خۆی لـەسـەر دروستكردنی كۆمەڵگایـەكی زانستخواز و وابەستە بە بەها جوان و مرۆییەكانەوە، خاكپەرست و تەندروست و عـەقڵانی دادەنێت كـە چەكدار بێت بەهـەموو كەرەستەو پێویستە فیكری و رۆحیی ومادییـەكان كـە مـەرجە خـاوەنی ببن بـۆ چوونە ناو سەدەی بیست و یەكەم.

بۆ من كە كارمەندی ئەم گۆڕەپانـەم رێك و راست گوناهی یەكەم و تاوانی هەرە گەورەی ئـەم دواكەوتنـە لـەبواری پەروەردەدا لەئەستۆی سەركردایەتی سیاسی حیزبـە دەسەڵاتدارەكانە كـە وەك چۆن لـەبواری سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتییەكەدا، بـەمانا هـەرە رووت و پەتییەكـەی، هیچ خـەون و خۆزگـەیـەكیان نـەبوو، بەهەمان ئەندازە لەبواری پەروەردەشدا كە كاریگەری لەسەر هەموو جومگەكانی ئەو سێ كایەی سـەرەوەدا هەیـە، هـیچ خـەون و خۆزگـەیـەكیان بـە گـۆڕان و چاكسـازی نـەبووە، كـەلتووری رژێمـە تۆتالیتارییەكان و رۆحی سەربازی و ئیفلیجبوونی فیكری بـەعس و هـەوڵی لـەت و پـەتكردنی كۆمـەڵگای ئێمـە لـەسـەر دەسـتی رژێمـە كۆنەپەرست و شۆڤێنستەكان، دڵـداری كـردن لـەگـەڵ عـەقڵی خێڵـەكی و مانـەوەی مـۆراڵی دەرەبـەگی و زینـدوو كردنـەوەی تەكیـەو خانـەقاو دیوەخانـە لـەسـەر دەسـتی حیزبـە كوردییەكان جێگەی بە هەموو خـەونێكی گۆڕان و بەرەو پێشچوون و ئایندەخوازی لـەق كرد، هەنووكە دوو جۆر روانـین و بۆچـوون لـە گۆڕێـدا هەیـە كـە دوو بـەرەی دروستكردووە، بەرەیـەكیان بـڕوای وایـە كـە دەسەڵاتی كوردی هەر بەئەنقەست نایـەوێت لـەبواری پـەروەردەدا هیچ گۆڕانێكی گـەورە بێتـە كایـەوە، چونكە ئەگەر نەوەیەكی زیرەك و ئازاو رەخنەگرو گومانكار دروست ببێت، ئەم حیزبانـە كـە دیـارە لـەوە دەترسن نەوەیـەكی وەهـا چاوكراوەو عـەقڵزەدە و ئـازاد دادگاییان بكـات، كـە حیزبـی وای تێدایـە هـی

ئەوەیە بخرێتە مۆزەخانەوە نەك لەناو ژیاندا گەمە بكات و زیندەگی مەردوومەكان بشێوێنێت، چونكە ئەم چەشنە لە فەرمانڕەوایەتی هیچ قاڵبێكی سیاسی مۆدێرن ناگرێتە خۆی تابتوانێت بەپێوە بوەستێت، بەرەی دووەم بڕوای وایە كە سەركردایەتی سیاسی بە نوێنەری پارتی و یەكێتی و حیزبەكانی دیكەوە لەوە بێئاگاو هیچ نەزانترن كە تێبگەن لەوەی ئەوە بەتەنیا دەزگای پەروەردەیە كە دەتوانێت نەوەیەكی نوێ دروست بكات كە ئایندەی كۆمەڵگایەكی مۆدێرن و زانستخوازو كراوەی لەسەر بونیات بندرێت، ئەگینا كەمترین كەمتەرخەمی و دواكەوتن دەبێتە مایەی دۆڕاندنی داهاتوو.... دەكەوینە ناو تەپ و تۆزی كاروانێك كە رووەو گەشەكردن و شارستانیەت دەڕواو ئێمە بەجێدەهێڵێت.